# هەڵبژاردەی تایكواندۆی سلێمانی پێكهێنرا

بەمەبەستی دیاریكردنی هەڵبژاردەی تایكواندۆی سلێمانی و خزمەت كردنی زیاتری یاریی تایكواندۆ لە شاری سلێمانی، بەسەرپەرشـــتی لقی سلێمانی یەكێتیی تایكواندۆ پاڵاوتنی یاریزانانی تایكواندۆی سنوری پارێزگای سلێمانی بەبەشداری هەریەك لە یانەكانی (ســـلێمانی، ئاشتی،رانیە، نەورۆز،سەرچنار،چەمچەماڵ، سەنتەری لاوانی راپەڕین، سەنتەری لاوانی گۆیژە) لە هەردوو ئاســـتی تازە پێگەیشتووان و لاوان بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەكەش كراوەبوو هەموو یاریزانێك لەم دووئاستە دەیتوانی بەشداربێت، مەبەستیش دەست نیشـــان كردنی هەڵبژاردەی تایكواندۆی سلێمانی بوو بۆ پاڵەوانێتیی هەڵبژاردەی پارێزگاكانی كوردســـتان كە بڕیارە رۆژی ١٥ی مانگی داهاتوو لە شـــاری سلێمانی بەڕێوە بچێت،یاریزانانی بەشداربووش ركابەریی بەهێزیان دەكرد لەسەر بوون بە یاریزانی هەڵبژاردەی شارەكەیان لە ئاستی تازەپێگەیشتووان لە كێشـــی ٢٢ككگم تاكو+٥٠ككگم هەریەك لە یاریزانان(هەستیار لەتیف، محەمەد چۆمان، هەردی لەتیف، زانیار دڵشـــاد، حەســـەن چۆمان، رامین كەمال، بەڵێن عەلی، ئەحمەد سەدیق، باخەوان شـــاخەوان، ئەحمەدبەكر)لە ئاســـتی لاوانیش لەكێشـــی ٤٥ككگم تاكو +٧٨ككگم هەریەك لە یاریزانان(باهۆز هاشـــم، ئەنجام رزگار، رۆمان نەوزاد، دیلان ئەنوەر،عەلی شا، پێشەوا بارزان، هاوكار ســـوبحی، میران ئەحمەد، عەلی حوســـێن، رێژەن ئاوات) بـــە یاریزانی هەڵبژاردەی ســـلێمانی دەست نیشـــان كران بۆئەوەی بتوانن لە پاڵەوانێتیی هەڵبژاردەی پارێزگاكانیش لە ژێرناوی هەڵبژاردەی سلێمانی یاری بكەن.



# شیلان حوسێن: خاوەنی ژمارەی پێوانەییم لە هاویشتنی قورسایی لەسەر ئاستی كوردستان

***چۆن بوو، هاتیتە نێو دنیای یاریی گۆڕەپان ومەیدانەوە؟**

- تاكە ئاواتی ژیانی وەرزشیم گەیشتن بوونم بوو بە یارییەكانی گۆڕەپان و مەیدان هـــەر چەندە بۆ كچانیش زۆر كات یارییەكی گرانە، بەڵام توانیم بەهیواكانم بگەم و خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدان لە كوردستان بەگشتی چۆن دەبینی ؟**

- ســـوپاس بۆخوا ئەم یارییە لە ئاستێكی بەرزدایە و لەو بڕوایەشـــم رۆژ بەرۆژ ئاســـتی ئـــەم یارییە بەردەوام لە بەرەو پێش چووندابێت ئەگەر پشتیگریی بەردەوامیش هەبێت بێگومان پاشەڕۆژی ئەم یارییە زۆر گرنگە بۆ هەموو لایەك.

***ئەی ئاســـتی ئـــەم یارییە لـــە ســـلێمانی لە چ ئاستێكە؟**

- بەبڕوای من تاڕادەیەك ئاســـتێكی باشـــی هەیە، لەلایەن یانەكانیش گرنگیی زۆر بە تیپی گۆڕەپان و مەیدان دەدرێ، یانەكانی شـــارەكەش ئەنجامەكانیان زۆر باشـــە لە چاو یانەكانی تر بەهیوای ئەوەشم ئەم پشتگیرییە هەربەردەوام بێ.

***پێت باشە چی بكرێت،بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە كوردستان ؟**

- كردنەوەی زیاتری پاڵەوانێتی بۆیاریزانان و تیپەكان ئاســـتی ئەم یارییە زیاتر پێشدەكەوێت، لە كوردستانیش پێویستە زیاتر گرنگی بە كردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بدرێت



**یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شـــاری سلێمانی لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان وتۆپی باسکە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشـــە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی ســـلێمانی بە تایبەتی لە هاوێشتنی یاریی دیسک کە خاوەنی چەندین ژمارەیی پێوانەییە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی هەمان شارە و ئەمساڵیش لەگەڵ تیپی گۆڕەپان ومەیدانی لەیاریی هاویشـــتنی دیســـک و قورســـایی یانەی پێشـــمەرگە توانی ئەنجامی بەرچاو لە پاڵەوانێتیی کوردستان بەدەســـت بهێنێت، دەرچووی پەیمانگای وەرزشـــی شـــاری ســـلێمانییەو ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

بۆئەوەی لە داهاتوو یاریزانی باشمان دەست بکەوێت بۆدوا ڕۆژی وەرزشی کوردستان سوودیان هەبێت.

*** باشترین ئەنجامەکانت چین وەکو یاریزان ؟**

- خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوم لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەردەوام لە پاڵەوانێتییەکاندا پلەکانی یەکەمم بەدەســـت هێناوە ئێستاش خاوەنی ژمارەی پێوانەییم لەسەر ئاستی کوردستان لە هاویشتنی قورســـایی بۆ ئاستی کچان هیواشم وایە بەردەوام ئەنجامەکانم بەرچاو بێت و گرنگی بەتوانای خۆم بدەم.

***لەئێستادا بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێك ؟**

- بەردەوام لە مەشـــق کردنم بۆئەوەی بەشـــێوەیەکی باش خۆم ئامادەکەم بۆپاڵەوانێتییەکانی داهاتوو لەســـەر دەستی ڕاهێنەری بەتوانای تیپەکەم مامۆســـتا بێستون کەهەمیشە پاڵپشتی بەهێزم بووە لە مەشقەکانم، ئێستاش دەمەوێ بەردەوام بم لەسەر بەدەست هێنانی شکانی ژمارەی پێوانەیی زیاتر.

***کێشەو گرفتان چیە لەم یارییە ؟**

- زۆر کات نەبوونـــی یاریـــگا بۆئەنجامدانی مەشـــقەکانمان گرفـــت دەبێت بۆ ڕاهێنانی بـــەردەوام و یارییە تاکەکان بەردەوام لە گرفتدان.

*** لە خێزانەکەتدا هیچ کەسێکتان وەرزشوانە ؟**

- بەڵێ بە شـــانازییەوە چەند کەســـێکی تر لە خانەوادەکەمان وەرزشوانن.

***خانەوادەکەت ڕێگری لە وەرزش کردنت ناگرن ؟**

- زۆر سوپاس بۆخوای گەورە کە خانەوادەیەکی زۆر باشم هەیە هەموو کات پشـــتگیرو پشتیوانی منن لە یارییەکان بۆیە هەموو کات هاوکاریم دەکەن بۆئەوەی گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

- بەهیوای ئـــەوەم بتوانم وەکو کچە کوردێـــك لە پاڵەوانێتیی دەرەوەی کوردســـتان ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و بەردەوام گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم.

***یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هاوکاریتان دەکەن ؟**

- بەڵێ بەخۆشـــحاڵییەوە هاوکارێکی باشـــی مـــن و هەموو یاریزانانی تیپەکەمانن ئەوان هۆکارن بۆسەرخستنی ئێمە.

*** بەچ یاریزانێك سەرسامی؟**

- بە میسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە.

***جگە لە یاریی گۆڕەپـــان و مەیدان چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەیت؟**

- یارییەکانی تۆپی باسکە و باڵەو دەستم ئەنجام داوە لە تۆپی باسکە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشم.

دیمانە: کارزان کانەبی




# فەرەنسا بووە پاڵەوانی باسکەی ئەوروپا

هەڵبـــژاردەی فەرەنســـا بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا نازناوی پاڵەوانییەتی جامـــی نەتەوەکانی ئەوروپای لە یاریی تۆپی باسکە بەدەست هێنا کە یارییەکانی لە وڵاتی سلۆڤینیا کۆتایی هات، لەیاری کۆتاییدا هەڵبژاردەی فەرەنسا رووبەڕووی هەڵبژاردەی لیتوانیا بۆوە، لە دوای ئاســـتێکی بەرزەوە لەلایەن یاریزانانەکانی، هەڵبژاردەی فەرەنســـا یارییەکەی بردەوە بەئەنجامـــی ٨٠ خـــاڵ بەرامبەر ٦٦ خاڵ بۆ هەڵبژاردەی لیتوانیا، لە یارییەکەدا یاریزان تۆنی پارکەر کە لەخولی ئێن بی ئەی ئەمریکی یاری دەکات ئاســـتێکی بەرزی پێشـــکەش کرد و رابەرایەتی هەڵبژاردەکەی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا .

لەلایەکی دیکەوە هەڵبژاردەی ئیسپانیا هەڵگری نازناوەکە لە دوا دوو پاڵەوانییەتی پلەی سێیەمی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەی کرواتیای بردەوە بە ئەنجامی ٩٢ خاڵ بەرامبەر ٦٦ خاڵ، هەروەها هەڵبژاردەی سلۆڤینیا پلەی پێنجەمی بەدست هێنا دوای ئەوەی بە ئەنجامی ٦٩ خاڵ بەرامبەر ٦٣ خاڵ لە هەڵبژاردەی ئۆکرانیای بردەوە .

بەم ئەنجامانە هەریەك لە هەڵبژاردەکانی فەرەنسا و لیتوانیا و ئیسپانیا و کرواتیا و سلۆڤینیا و ئۆکرانیا وەك نوێنەرانی کیشـــوەری ئەوروپا گەیشـــتنیان بۆ یارییەکانی مۆندیالی باسکەی ٢٠١٤ مسۆگەر کردووە کە یارییەکانی کۆتایی لەساڵی داهاتوو لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام دەدرێت.

# ستایشکردنی ئۆزیلی ئەرسنال بەردەوامە




دوای پەیوەندیکردنی بەیانەی ئەرسنالی ئینگلیزی، ستایشکردنی ئاستی یاریزانی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیـــل لەهەموو لایەکەوە بەردەوامە، لە ســـێ یاری یەکەمیدا لەگـــەڵ یانەی گەنەرز ئۆزیل چوار گۆڵی دروستکردووە و یارمەتیدەر بووە لە سەرکەوتنەکانی یانەکەی، راهێنەری یانەی ئەرسنال ئارسن ڤینگەر بەردەوامە لە ستایشکردنی ئاستی یاریزانی ئەڵمانی و دووپاتیکردەوە پێشبینی ئاستێکی بەرزتر لە ئۆزیل دەکات، ڤینگەر لە لێدوانێکیدا گوتی: من متمانەی تەواوم بە ئۆزیل هەیە لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی هەماهەنکی ئاستێك و توانایەکی بەرزتر پێشکەش بکات و زیاتر یارمەتی یانەکەمان دەدات . هەروەها ڤینگەر گوتی : ئۆزیل لە جۆری یاریزانی هۆڵەندی بێرکامبە، ئۆزیل لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات بەڵام دەتوانێ لە یارییەکانی داهاتوو گۆڵیش تۆمار بکات، ئێستا تەنها بیر لەوە دەکاتەوە گۆڵ بۆ یاریزانەکانی دیکە دروست بکات و لەم ئەرکەش ســـەرکەوتوو بووە . لەلایەن خۆیەوە راهێنەری ئیتاڵی بەناوبانگ فابیۆ کاپیلۆ بەهەمان شێوە ستایشی ئاستی یاریزان ئۆزیلی کرد و پێی سەیر بوو کەیانەی ریال مەدرید بەئاسانی دەستبەرداری یاریزانێکی هاوشێوەی ئۆزیل بوو چونکە ئۆزیل یەکێکە لەباشترین یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست لەجیهان کە دەتوانێت بەئاسانی هەل بۆ هێرشبەران برەخسێنێت . شایانی باسە یاریزان ئۆزیل لە یانەی ریال مەدریدەوە پەیوەندی بەیانەی ئەرسنال کرد بەرامبەر بە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ .

# باڵۆتیللی راگیرا


یاریزان و ئەستێرەی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی ماریۆ باڵۆتیللی بۆ ماوەی سێ یاری لە خولی ئیتاڵیا راگیرا لەلایەن لیژنەی ســـزاکانی یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا دوای ئەوەی لە یـــاری یانەکەی لە بەرامبەر یانەی ناپۆلی لەدوای تەواوبوونی یارییەکە لەلایەن ناوبژیوانەوە بەکارتی سوور دەرکرا .

باڵۆتیللـــی دەمارگیر بوو لەدوای دۆڕاندنی یانەی میلان بەرامبەر یانەی ناپۆلی بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك بەتایبەتی دوای ئەوەی لێدانی سزای لەناو یارییەکە لەدەستدا، لە دوای تەواو بوونی یارییەکە توڕەبوونی خۆی بەرامبەر ناوبژیوانی یارییەکە دەربڕی ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ناوبژیوان کارتی زەردی دووەمی بە رووی باڵۆتیللی بەرزبکاتەوە و دواتر کارتی سووری وەرگرت، ئینجا باڵۆتیللی زیاتر دەمارگیر بوو و هەوڵی نزیکبوونەوەی دا لەدەســـتەی ناوبژیوانان بۆ ئەوەی ناڕەزایی خۆی دەربڕێت، لیژنەی ســـزاکان بە هۆی ئەم هەڵســـوکەوتە بڕیاری راگرتنی دا بۆ ماوەی ســـێ یاری داهاتـــوو، باڵۆتیللی لە یارییەکانی یانەکەی لەبەرامبـــەر یانەکانی بۆلۆنیا و ســـەمبدۆریا و یۆڤانتس یاری ناکات . جێگای ئاماژە پێکردنە ئەو لێدانی ســـزایەی کە باڵۆتیللی لەدەســـتی دا یەکەم لێدانی ســـزایە لەدەستی دەدات لە ژیانی وەرزشـــیدا، پێشتریش ٢١ لێدانی سزای سەرکەوتووانە جێبەجێی کردبوو.



# كۆڤان حەسەن لە پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی هۆڵەندا میدالیای زێڕی بەدەست هێنا

كۆڤـــان حەســـەن كوڕە كوردی شـــاری ئاكـــرێ و یاریزانی هەڵبژاردەی خاوەن پێداویســـتییە تایبەتییەكانی هەڵبژاردەی عێراق لـــە پاڵەوانێتیـــی نێودەوڵەتـــی (Iwas) لە وڵاتی هۆڵەندا كە بەبەشـــداری ٢٤ هەڵبژاردەی وڵاتان بەشدارن لە پاڵەوانێتییەكە، كوڕە كـــوردی هەڵبژاردەكە كە تاكە یاریزانی كـــوردە و بە كوڕە زێڕینەكە ناســـراوە و توانـــی ئەنجامێكی دڵخۆشكەربەدەســـت بهێنێت بە بەدەســـت هێنانی ئەنجامێكی شایســـتە لە لە هەڵدانی رم توانی پلـــەی یەكەم و میدالیای زێڕ بەدەســـت بهێنێت و لە هەمان كاتیشـــدا لە هاویشـــتنی قورســـایی توانی پلەی سێیەم و مەیدالیای برۆنزی بەدەست بهێنێت، یارییەكانی ئەم پاڵەوانێتییەش لە شاری سكادسكانل بەڕێـــوە دەچوو لە بارەی بەدەســـت هێنانی ئەم ئەنجامەش لە وڵاتی هۆڵەندا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: زۆر دڵخۆشـــم بە بەدەســـت هێنانی پلەی یەكەم و سێیەم لەسەر ئاستی جیهان كە ٢٤هەڵبژاردە بەشـــدارییان تێدا كردبـــوو پاڵەوانێتییەكەش ئاســـتێكی بەرزی بەخۆیەوە بینیوە لە هەڵدانی تیریش توانیم پلەی یەكەم و ریكۆردێكی جیهانی بشكێنم بە ناوی خۆمەوە ئەوەش دەستكەوتێكی ترە بۆمن هەوڵدەدەم لە پاڵەوانێتییەكانی تریش خۆم ماندووتر بكەم و پلەی گەورەتر بەدەست بهێنم.






# سێ یاریزانی چێلسی لە ژێر چاودێری بەرشلۆنە دان


راپۆرتە هەواڵەكانی ئیســـپانیا و ئینگلتەرا رایانگەیاند یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی چاودێری سێ لە یاریزانانی یانەی چێلسی ئینگلیزی دەكات بە مەبەستی پەلكێشكردنیان بۆ ریزەكانی یانەكەی هەرێمی كەتالۆنیا لە وەرزی گواســـتنەوەی زستانەدا، رۆژنامەی ســـپۆرتی ئیسپانی رایگەیاند هەریەك لەیاریزانان فرناندۆ تۆریس و خوان ماتا و سیزار ئەزپیلكویتا كەهەرسێكیان ئیسپانین لەلایەن یانەی بەرشـــلۆنەوە چاودێـــری دەكرین بۆ ئەوەی بۆندیان لەگەڵ مـــۆر بكرێت، بەڵام رۆژنامەكە مەترســـیی هەیە لە هەڵویستی راهێنەری یانەی چێلســـی جۆزی مۆرینهۆ كەلەوانەیە رێگا بەو یاریزانانە نەدات بچنە ریزی یانەی بەرشلۆنە چونكە ئەم راهێنەرە نایەوێت بەرشلۆنە سوودمەند بێت بە پێی بۆچوونی رۆژنامەكە .

هەریەك لەیاریزانان تۆریس و ماتا و ئەزپیلكویتا لەگەڵ هاتنی راهێنەر مۆرینهۆ شـــوێنی خۆیان لەپێكهاتەی سەرەكی یانەی بلوز لەدەســـت داوە چونكە راهێنەری ناوبراو پشت بەیاریزانانی دیكە دەبەستێت وەك یاریزانان ساموێل ئیتۆ و شورلە و ئیڤانۆڤیج هەربۆیە یانەی بەرشلۆنە هەوڵ دەدات ئەم بارودۆخە بقۆزێتەوە و بۆندیان لەگەڵ مۆر بكات.




# یانەی دهۆک بۆند لەگەڵ ڕاهێنەرێکی ئیسپانی مۆر دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی یانەکەی لە خولی بژاردەی عێراقی و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك بەردەوامە لە بەهێزکردنی تیپەکە بۆ ڕکابەری پێکردنی لە وەرزی نوێی خولەکە، لە ئێستاشدا دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری هێزی جەستەیی یانەی خیتافی ئەڵیخاندرۆی ئیسپانی بە ڕاهێنەری هێزی جەستەیی تیپەکە دەست نیشان کرد بۆئەوەی لە وەرزی نوێ بتوانێ یاریزانانی یانەی دهۆك بە باشترین شێوە ئامادە بکات تاکو لە ڕووی هێزی جەستییەوە بە هێزترین تیپ بن لەسەر ئاستی عێراق، لەلایەکی دیکەشەوە دەستەی کارگێڕیی یانەی دهۆك دوای ئەوەی لەگەڵ کاوە ئیبراهیمی ڕاهێنەری گۆڵچییەکانی یانەکەی ڕێکنەکەوتن لەسەر نوێ کردنەوەی گرێبەستەکەی، بۆیە پەنایان بۆ عیماد هاشمی ڕاهێنەری پێشووی گۆڵچییەکانی یانەی هەولێر بردەوە لەم بارەشەوە دکتۆر مەحەمەد سەعید جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشی دهۆك بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە ئەمساڵ دەمانەوێ تیپێکی بەهێز دروست بکەین لە گشت ڕوویەکەوە بۆیە بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵ ئەڵیخاندرۆی ئیسپانی مۆرکرد بۆئەوەی لە وەرزی داهاتوودا بتوانین تیپەکەمان لە گشت ڕوویەکەوە ئامادەبێت تاکو ململانێی بەهێز لەگەڵ تیپەکانی تردا بکەین، گوتیشی نیازی ئەوەمان هەبوو گرێبەست لەگەڵ ڕاهێنەرێکی ئێرانی واژوو بکەین بەڵام ڕێکنەکەوتین، گوتیشی عیماد هاشممان بەفەرمی دیاری کرد بۆ سەرپەرشتی کردنی گۆڵچییەکانی یانەکەمان لە خولی بژاردە، لە ئێستاشدا گفتوگۆی زۆرمان هەیە لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا بۆئەوەی لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا گرێبەستیان بەفەرمی لەگەڵدا واژوو بکەین، لەبارەی بڕی گرێبەستەکانیان ناوبراو ئامادەنەبوو هیچ ئاشکرا بکات.



# سۆلاڤی نوێ: بوو بە پاڵەوانی هێزی لەشی کەرکوک

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی هێزی لەش لە شاری کەرکوك و دەوروبەری و خزمەت کردنی زیاتری ئەم یارییە، لقی کەرکوکی یەکێتیی هێزی لەش بەبەشداری دە یانەی شاری کەرکوك و دەوروبەری پاڵەوانێتیی هێزی لەش لە جۆری پێنج پرێس ئەنجامدا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە کێشە جیاوازەکان کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی بەرچاو لەپاڵەوانێتییەکە، ئەنجامی کۆتایی تیپەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١-یانەی سۆلاڤی نوێ ٧٥خاڵ

٢-یانەی گازی باکور٤٩خاڵ

٣-یانەی خاك ٤٢خاڵ

# پێشمەرگەی سلێمانی پاڵەوانی باڵەی کوردستان بوو



لەمیانی یارییەکانی خولی بژاردەی تۆپی باڵەی کوردستان کە شەش یانە بەشدارن و یەکێتیی ناوەندیی تۆپی باڵەی کوردستان سەرپەرشتی دەکردو یارییەکانی بە شێوازی خول بە چوون و هاتن بەڕێوە دەچوو، لە دوایین هەفتەی خولەکەشدا سێ یاری گرنگ بەڕێوەچوو لە نێوان تیپە بەشداربووەکان، لە هۆڵی یانەی پێشمەرگە لە شاری سلێمانی هەردوو یانەی پێشمەرگە و شۆریجە بەیەك گەیشتن لەم یارییەشدا یانەی شۆریجە لە دەرەوەی یاریگای خۆی یارییەکەی بردەوە بە ئەنجامی (٣-١) گێم، یانەی هەولێریش لەسەر یاریگای خۆی لە هۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆهەریری میوانداری یانەی هەڵەبجەی شەهیدی کردو لەیارییەکی بەهێزدا یارییەکەی لێ بردەوە بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ، یانەی شەقڵاوەش لەسەر یاریگای خۆی لە هاوینەهەواری شەقڵاوە ڕووبەڕووی یانەی ئەکاد بووەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی یانەی شەقڵاوە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و بە ئەنجامی (٣-١) گێم یارییەکەی بردەوە، بەم ئەنجامەش پێشمەرگە نازناوەکەی بردەوە ئەمەش ڕیزبەندی تیپەکانە.

١-پێشمەرگەی سلێمانی ٢٦خاڵ

٢-هەولێر٢٤خاڵ

٣-شۆریجە١٨خاڵ